# هیچ ... هیچ ... !!

سەروەر کەریم

**بەهەموو ئەوانەی کەژیان بەبێ عەشق بەهیچ دەزانن ،بەنیوەکەی ترم (خەزان) پێشکەشە**

قەرار بوو لەدایک ببین و
خەندە بخەینەسەرلێوی ساوایمان
گڕوگاڵ بکەین بۆ ئاماژەکان ...
ئەفسونی دایک .. باوک .. شتەکان
وێنە جوانەکانی بەرچاوی منالی بوون ...
پێکەنین یەکەمین بزوانی ئێمە بوو ،
بەبێ ئەوەی ماناکانی بزانین ...
ئای چ قەدەرێک بوو کەپێکەنین و
سروشتی وێنەکانمان نەناسی بوو
هەموو شتەکان لەلامان بێگەرد بوون ..
وەلێ جەخار ... جەخار
کاتێک ئاشنا بووین بەوێنەکان
شەوەکانی لەدایک بوون زۆر قێزەون بوو
سیماکان هەموویان ناشرین بوون
خەونەکانی لەدایک بوون هەڵوەرین ...
خەندەکان زۆر بەسانایی تێپەڕی و،
بەرائەتی منالیمان بەشەڕەکان سپارد ...
ئیدی مانایەک بۆژیان نەما
پیاوەکان ... باوکەکان نەوەیەکیان خستۆتەوە
کەهەر لەسەرەتاوە هەڵگری ساناتۆس بوون و
بۆ لەحزەیەک مانای خۆشەویستیان نەدەزانی ،
هەمیشە بەدوای ساتەکانی چێژی بێ سنوور دادەگەڕان و

نەخشەی وولأتێکی سۆزانیەتیان نەخشان

ئایەتەکانی سۆزو موحیبەتیان بەتەنهایی سپاردو

نەوەیەکی بێڕەنگ و ناسنامەیان خستەوەو ،

جەنگی کوشتنی هەموو بەهاکانیان ڕاگەیاند ...

ئیدی ژیان و مردن بوونە فەلسەفەی هیچ و،

دایکم سۆزانیەکانی لیٚ ئاوس بوون

بەدرۆکانی خەندەو عەشق دۆڕان و

باوکەکانیش زۆڵەکانی سەردەمی ژیان

ڕۆژانە کچەکانی خۆیان ئەتک دەکرد

لەسەر بەرماڵ و محرابی مەرگدا و ،

نەوەکانیشیان بوونە فرۆشیاری عەشق ...

ئیدی بەرائەتی مناڵی تەمەن ، قەدەریٚ بوو

لەسەرابستانی زەمەن دا کۆتایی هات و

وانەکانی دۆڕان سەراپای هەموانی داگیر کرد

باوک .. دایک .. کچ ... خۆشەویستی

مامانی لەدایک بوونی زەمەنی سۆزانی بوو

ماکەکانی وەفایان بۆ هەتا ... هەتایە وونکردو ،

باوکە هەوەس بازەکانیش ناسنامەی خۆیان سوتان

نەوەکان بیٚ ناسنامەو بیٚ سۆز

پاسپۆرتی هیچێتی زەمەنیان لەبەرۆک داو ،

بۆ هەتا ... هەتایە بوونە خاوەنی هیچ ... هیچ

1006/10/10